ئیمامی غەزالی

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار

أيها الولد

وەرگێڕ

محسن جوامێر

چاپی یەکەم

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى اقرأ الثقافي
----
www.iqra.ahlamontada.com

ئەی ڕۆڵــەی هۆشیار

نوسینی

ئیمامی غەزالی

وەرگێڕ

محسن جوامێر

چاپی یەکەم

١٤٣١ کۆچی ٢٠١٠ زاینی

◆ ناوی کتێب : ئەی ڕۆڵەی هۆشیار .
◆ نوسەر : ئیمامی غەزالی .
◆ وەرگێڕ : محسن جوامێر .
◆ تایپ و هەڵەچن : بڕوا حمەکریم .
◆ دیزانی بەرگ : بڕوا حمەکریم .
◆ چاپ : یەکەم .
◆ چاپخانە : سیڤا ـ شەقامی مەولەوی .
◆ ژ. سپاردن : (   ) ٢٠١٠ ی پێدراوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

غـــــەزالـــــی

غەزالی، ئەم دەنگە نەمرەیە، لە ناخی مێژوودا شوێنی ڕەوای خۆی دۆزێتەوە....

چونکو هەمیشە هاوارو بانگەوازی بۆ ئەمە بووە مرۆڤ خوا بناسێ و خۆی نەکا بەهاوڕازو نیازی ئەو هێزەی لە پێڕەوی خوا لای دەبا.

غەزالی، ئەم مرۆڤەیە لە قوتابخانەی قورئانەوە خۆی ناسیوەو لە میحرابی ئەوێدا پەروەردە کراوە و شاگردێکی هەرە بەئەمەکی محمدە (د.خ) لێ بێ..

غەزالی، ئەم هێزە ئیسلامخوازەیە لە دژی ئەوان کەسانە دەوەستا، کەلەژێر ناوی جیاجیا زنجیرەی باوەڕیان لێک دەپساندو گوێ لە مستی فەلسەفەکانی بێگانە دەبوون.

غەزالی، دەستەمۆی ڕاستەقینە بوو.....

بەدوایا عەودالْ و هەراسان بوو.... بۆیە ئارامی لەخۆیدا دەبڕی...گڕی کەوتبووە خوێنی....بەلاّم لە دیماهیدا لەباوەشی قورئاندا ئۆخەی کردو دۆزیەوە...بۆیە تادوا هەناسەی لە ئامێزی قورئاندا بە ئەسپایی کۆششی کرد...دەستەبەری ژیانێکی

خۆشی کرد بۆ هەریەکێک دڵی خۆی لە مست خوا بنێت و لەگەڵ خوادا بژی.

غەزالی، ئیسلامخوازێکی ئازازو زیخ بوو، دلێر بوو، هەمیشە خەڵکی هان دەدا بۆئەوەی خۆیان نەهاوێنە سەر سفرەو خوانی ئەمیرەکان، هەتا چەهرەشیان نەبینن، چونکینێکە نەخواناسن و نەدەستەمۆی بیرو باوەڕی خوایین.

لەلهەق شانازیش هەر بۆ ئەم ئیسلامە خێن شیرینەی خۆمانە، کە هەزارەهای وەکو غەزالی ی هانیوەتە کایەوەو...هەزارەهای لە غەزالیش غەزالی تر دێنێتە کایەوە.

بۆیە باکوردی و بە کورتی، کەمێک لە غەزلی بدوێین...غەزالی شاگرد.

تانەختێ بەمەوە دڵمان ئاوێ دەخواتەوەو غەزالی فەیلەسوف و پیتۆڵیش لە سوچێکی دڵماندا دەگیرسێتەوە...

ژیان و کردەوە نەمرەکەی غـــــــەزالی

ناوی محمدی کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی توسیە. ناوبانگی بە ئەبوحامیدی غەزالی دەرکردووە. لەساڵی (٤٥٠)ی کۆچیدا واتا لە (١٠٥٨)ی زایینیدا لە (**تابران**) کەسەر بە ناحیەی تووسی (**مەشهەد**)ە لەدایک بوەو، لەساڵی (٥٠٥)ی کۆچیدا واتا لە (١١١١)ی زایینیدا کۆچی دوایی کرد.

بەرلەوەی باوکی کۆچی دوای بکا، هەستا غەزالی و براکەی بە دۆستێکی سۆفی و خێرخوازی سپارد، ئەمەش بۆئەوەی لەدوای مردنیدا منداڵەکانی بێ سەرو شوێن نەمێننەوە.... بۆیە هەر کەباوکی ئەمری خوای کرد، کابرا بردیانیە لای خۆی و جڵەوی پەروەردەکردنی ئەم دوو کوڕەی خستە بەردەستی خۆی، ئەمەش تا ئەو ڕۆژەی ئەم ماڵە دراوەی باوکی لای کابرایە بۆی بەجێ هێشتبوون چکی کردو بنی هات، ئەنجا توانی ئەوەی نەما بەخێویان بکا..بۆیە نسحەتی کردن تا بچنە قوتابخانەو لەوێندەر بەو قووتەی پێیان دەدرێ دەتوانن بشخوێنن و خۆشیان بەڕێوە بەرن.

غەزالیش هەرلەسەرەتای ژیانیەوە، کەڵکەڵەی زانستی و زانیاری خۆی ئاخنی بووە نێو دڵ و مێشکیەوە... بۆیە لە ماڵیەوەو لە مەڵبەندی یەکەمی خۆیدا و لەسەر دەستی عەلی ئەحمەدی ڕازیکانی دەستی کرد بە خوێندنی بەشێکی(**فقه**)، ئەنجا چوەتە جرجان لەوێندەر لەسەر دەستی ئیمام ئەبی نەسری ئیسماعیلی ئەنجا خوێندویەتی. لەپاشدا گەڕاوەتەوە توس ئەنجا هەستی بەمە کرد کەشاری نیسابوور (**پایتەختی سەلجوقیەکان**)، مەڵبەندی زانستی و زانیاریە و بەدووەم شار لەدوای شاری بەغدا دێ.. بۆیەش بەفڕکان ڕووی کردە ئەوێ و لەوێش بوو بە قوتابی ئیمامی حەرەمەین* و ڕۆژ لەدوای ڕۆژدا لەمەزهەب و خیلاف و جەدەل و (**اصول**)، گەشەی بەزانستی خۆی دەسەند.

---

* ئەبو مەعالی، عەبدولمەلیکی کوڕی یوسفی جوینیە، لەکەڵە زاناکانی ڕێبازی شافیعیە...لەبەر زانایی و لێهاتوویی، (نظام الملك) قوتابخانەی (النظامیة)ی لەشاری نیسابوور بنیات نا.

هەرکە ئیمامی حەرەمەین کۆچی دوای کرد، لەساڵی (٤٧٨)ی کۆچیدا غەزالی کردە (**معسكر**) و لەوێوە چوو بۆ لای (**نظام الملك**)دا گفتوگۆو دەتەقەی لەبەردەم (**نظام الملك**)دا لەگەڵ زاناو داناو ئیمامەکانی ئەو سەردەمە دەکرا، غەزالی بەم زانیاریە و بیرتیژیەی هەیبوو ئەستێرەی بەجارێ گەشایەوە..لەبەر هەندێکە لە قوتابخانەی (**النظامية**)ی بەغدا بە مامۆستا هەڵبژێردرا. (**النظامية**)ش قوتابخانەیەک بوو زۆربەی زانایانی ئەو سەردەمی چاویان تێ بڕیبوو تاوەکو لێ ی ببنە مامۆستا.

ئەو کاتیش جێگەی سەرسوڕمان بوو یەکێکی وەکو غەزالی کەتەمەنی لە (٣٤)ساڵ ڕەت نەبووبێ و لەوێندەر وانەی تیا بڵێتەوە.

فەقەت (**فقط**) کارامەیی غەزالی خۆی فەرز کردبوو و ناوبانگی گشت دەوڵەتی گرتبووەوە..لەم ماوەیەشدا دوو دڵی و گومان یاخەی لە یاخەی غەزالی نەدەکردەوەو لە زۆر بابەتاندا (**مسائل**) خۆی ئاخنیە نێو دەروونی غەزالیەوە.

بۆیە ملی نایە بەر موتالاکردنی کتێبە فەلسەفیەکانی فەئرابی و ئیبن سینا، لەپاش ئەمەشەوە دەستی کرد بە دانانی کتێبی (مقاصد الفلاسفة) کەتیایدا باسی چەند مەسەلەیەکی فەلسەفی دەکات، بێ ئەوەی نەشتەری رەخنەیی تیایدا بەکاربێنێ..بەلأم لە کتێبی داهاتوویدا کە (تهافت الفلاسف) بوو، زەبری رەخنەگرتنی وەشاند...لەم قۆناغەی ژیانیشیدا بەجارێ هەوەسی لە سەر وانە گوتنەوە چوو...بۆیە هەستا ئەم وەزیفەی بەجێ هێشت ئەوجە رۆژ لەدوای رۆژ گومانی لە بیروباوەری ئەو سەردەمیدا پەیدا کردو هەمیشە کەوتبووە بیرکردنەوە.ماوەیەک بەم جۆرەو بەم بارە دەروونیەوە مایەوەو خۆشی دوورە پەرێز کردو کەوتە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی تاقەکەسی..بەلأم بەم بارە دەروونیەی خۆی ئاوی نەخواردەوەو هەستا بۆ ئەم شارو ئەو شار بەرێ کەوت و بۆماوەی (١٥) ساڵ گەڕاو گەشتی کرد.لە بەغداوە بۆ شام*و،

*لەم ولأتەدا کتێبی (احیاء علوم الدین) نووسیەوە.

لەشامەوە بۆ (بيت المقدس) و لە (بيت المقدس)ەوە بۆ مەکە و مەدینە، ئەنجا گەڕاوەتەوە مەفتەنی خۆی و، بۆ ماوەیەک لە (المدرسة النظامية)ی نیسابووردا وانەی گوتۆتەوە. لەدوای ماوەیەکدا گەڕاوەتەوە (توس) و لە نزیک ماڵەکەیدا

قوتابخانەیەکی بۆ فەقێیەکان داناو، خانەقایەکیش بۆ سۆفیاتی دروست کرد.کاتی خۆیشی لەنێوان خواپەرەستی و وانە گوتنەوەو دانیشتن لەگەڵ سۆفیەکاندا دابەش کرد..هەر لە (توس)یشدا گیانی خۆی بە خوای گەورە سپارد.

لەبەر ئەو بارە شلۆق و لەبەریەک پساوەی کە دووچاری بیرو باوەڕی خەڵکی بوو، کەئەمەش بەهۆی ڕێگادانی هەندێ لە ئەمیرەکانی موسڵمانان بۆ بڵاوبونەوەی فەلسەفەکانی ڕۆمان و یۆنان و فارسەکان، پەیدا بوو.. ئەو فەلسەفانەی لەسەرچاوەی مسقۆفی*

---

*لەدەشتی هەولێردا ووشەی (مسقۆف) بۆ ئەوان کەسانە بەکاردێ کە ئینتقاتیان بەخوا نیە...بۆیە منیش بەپەسەندی دەزانم (مسوف) بۆ (ملحد) و (مسقۆفی)ش بۆ (الحاد) بەکاربێ.

(الحاد) و خەرافیاتەوە ئاویان نۆش کردبووا! (**ببورە قوزەڵقورت کردبوو**)...

هەرلەبەر ئەمەشەوە هەندێ لە موسڵمانان لەم ڕێچکەو ڕێبازە بەرزەی بۆیان دانرا بوو، لایان داو کەوتنە شوێن لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی ئەم جۆرە فەلسەفانە و بوون بە پسپۆڕێکی ئەم مەیدانەو لە دیماهیشدا لادانێکی فیکری لەلایەن موسڵمانانەوە پەیدا بوو.

هەڵبەتە خوای خۆشەویستیش لە هیچ چەرخ و زەمانێکا موسڵمانان بێ بەش ناکا لە یەکێکی ئیسلامویستی بلیمەت کەلە ئیسلام بگاو هەوڵی ژیاندنەوەی بدا...هەر بۆیەش غەزالی پێ ڕاگەیاند.. ئەمیش خوا هەڵناگرێ دەورێکی بالاً نمای بینی لە پێناو لابردنی ئەم تەمومژەی باڵی بەسەر مێشک و بیری موسڵمانان دا گرتبوو، هەروەها لەپێناوی زیندوو کردنەوەو نوێکردنەوەی ئەم ئایینە مەزنە.

لێرەدا با خامە هەرە ڕەنگینەکەی سەرۆکی کۆمەڵی موسڵمانانی پاکستان، مامۆستا ئەعلای مەودوودی،

به كوردی بخەینه گەڕ، تا كەمێک لەو كاره نوێیەكەی ئیمانی غەزالی بكەین.

مامۆستا مەودوودی لە كتێبی (**موجز تأريخ تجديد الدين و احيائه‌و، وواقع المسلمين وسبيل النهوض بهم**)دا كاره نوێكردنەوەكەی ئیمامی غەزالی دەكاتە هەشت بەش:

١- له فەلسەفەی یۆنانی كۆڵیەوه، پاشان ڕەخنەیەكی تەواوی لێ گرت، ئەمەش بە شێوەیەک كەسام و هەیبەتی لەلایەن موسڵمانانەوە كەمكردەوەو لەسەر بنچینەیەكی زانستی جەوهەری ئەم فەلسەفەی پێشانی خەڵكی دا...ئەم كارەی ئەمیش هەتا لە وڵاتە ئەوروپاییەكانیشەوە دەنگی دایەوەو دەروازەی دەورێكی نویان بۆ كرایەوه كە ئەمیش دەوری ڕەخنەی زانستی ی ڕاستەقینە بوو.

٢- ئەو هەڵانەی ڕاست كردەوه كە لە لایەن دڵسۆزانی ئیسلامەوە ڕووی دا، ئەوانەی بەتەواوەتی ی ئاگایان لە زانستی عەقڵی نەبوو لەگەڵ ئەمەشدا خۆیان تێهەڵدەقولاند، بەمەشەوە زیانێكی گەورەیان لە ئیسلام دەگەیاند.

٣- بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە بیر و باوەڕی ئیسلام و بنچینەکانی دواوە، بەجۆرێک ڕێگەی لەوان کەسانە گرت کە جڵەوی زانستی ی ئەقڵیان گرتبوو. چا هەستا حیکمەت و پەندی شەرع و خواپەرستی و دروشمەکانی ئیسلامی بۆ ڕوون کردنەوە، بەمەشەوە دەورێکی چاکی گێڕا بۆ ڕیشەکێشکردنی لێکدانەوەی پڕوپووچ.

٤- لەبارەی هەموو دەستەو چینێکی موسڵمانانی کۆڵیەوە کەلەو سەردەمیدا باو بوو. ئەوجە سنوری بۆ کوفرو ئیسلام کێشاو ئەم سنوورەی وەدیار خست کەدەشێ مرۆڤ تیایدا ڕاو (**تەئویل**)ی خۆی دەربڕێ. هەروەها ئەو سنورەشی وەدیار خست کەڕاو و (**تەئویلی**)ی تیا دەرنابڕێ و هەر هەوڵێکی بۆ ئەم مکەبەستە بدرێ هەوڵە بۆ کوفر...بەمەوە خەڵکی لەم جۆرە چینە لەڕێ لادەرانە هۆشیار کردەوەو (**رەصید**)ێکی وای بۆ ئەم چینانە نەهێشتەوە.

١٥- شیوەی بیرکردنەوەی خەڵکی بۆ ئاین نوێکردەوە، زۆر دژی ئەوە بوو مرۆڤ بە کوێرایی و بێ هەستو نەست و لێکدانەوە بڕوا بێنێ.

هێرشی بردە سەر لاسایکردنەوەی هیچ و بێ ماناو، هەوڵی ئەوەی دا گیانی (**إجتهاد**) بژیێنێتەوەو کەموکورتی هەر چینێک و بەرەیەکی وەدەرخست و داوای لێکردن گشتیان بگەڕێنەوە سەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام.

٦- ڕەخنەی لە ڕژێمی فێرکردنی ئەو سەردەمی گرت و ڕژێمێکی تازە بابەتی هێنایە کایەوەو، نەیهێشت ئەم دیوارەی لە نێوان زانستی ی ئایین و دونیا دانرا بوو، بمێنێ...هەروەها زانستی شەرعی خستە نێو ڕژێمی فێرکردنەوە، کەئەمەش دەورێکی بالأی دیت لەلابردنی زۆر هەڵەو چەوتی..هەڵبەت کاری ئەم ڕژێمەش تا ئێستا هەر ماوە.

٧- لە ڕەوشتی هەموو چینێکی رەمەکی ی کۆڵیەوەو، لاپەڕەی ژیانی زۆر لە زاناو شێخ و ئەمیرەکانی خوێندەوەو بەگەڕانو گەڕۆکیەوە توانی ئاگای لە ژیانی جیهانی ڕۆژهەلأتدا بێ و ڕەخنە لە ڕەوشتی هەر چینێکی ئەم ناوچەیە بگرێ و لە سەرچاوەی هەر خراپیەکی کۆڵیەوەو هەوڵی دا بۆ پیشاندانی پێودانگەی ئیسلام بۆ خوو ڕەوشت.

٨- ئازایانە ڕەخنەی لە ڕژێمی حوکمی ئەو سەردەمە گرتو هەمیشە بانگ و هاواری بۆ چارەکردن و گەڕانەوە بۆ ئیسلام بوو. گیانی زات و دلێری ی لەناو میللەتدا دژی ئەمیرو مەلیکەکان خولقاند...بە ئاشکرا سەرچاوەی ئەو ماڵ و سامانەی وەدەر خست کە مەلیکەکان هەیانبوو، بەوپەڕی ئازاییەوە لە کتێبی (**أحياء علوم الدين**)دا دەڵێ هەموو ماڵێکی مەلیکەکانی ئەم سەردەمە حەرامە. لەشوێنێکی تریشدا دەفەرموێ (پیاو نابێ ڕووی خۆی نیشانی ئەم مەلیکانە بدا، یا ڕوویان ببینێ، بەڵکو پێویستە هەڵوێستە خراپەکانیان ببوغزێنێ و حەزیش نەکا بمێنن و ، هیچ هەقیشیان بەسەریاندا نەبێ و، هەتا خۆیشی لەوان کەسانە وەدوور بێخێ، کەهەردەم خەریکی ئەوەن لەبەردەم مەلیکەکاندا بن...هەرلەبەر ئەمەش بۆ یەک لەوەزیرەکانی نووسی و پێی گوت: (**زوڵم لە سنوری خۆیدا دەرچوو لەبەرئەوەی منیش بە هەردوو چاوی خۆم ئەم زوڵمە دەبینم، بۆیە وا ساڵێکە (تووس)م بە جێ هێشتووە هەتا لە جووڵەو بزوتنەوەی زاڵمەبێ حەیاکان دەربازم بێ**).

لەکۆتایشدا مامۆستا چەند سەرنجێکی دەربارەی کارە نوێکاریەکەی ئیمامی غەزالی هەیە کەوای کردووە ئیمامی غەزالی دووچاری چەند کەموکورتیەک بێ ..ئەم دووچار بوونەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ سێ هۆ:

یەکەم: غەزالی لە زانستی فەرمایشدا لاواز بووە.

دووەم: زانستی عەقڵی بەسەر زەینیدا زاڵ بووە.

سێیەم: مەیلێکی لەڕاددە بەدەری بۆ (**تصوف**) هەبووە.

(**ئەی ڕۆڵەی هۆشیار**)* یش، وەرگێڕاوی نامیلکەیەکی ئیمامی غەزالی یە کەلەژێر ناوی (**أيها الولد**)ەوە نووسراوەتەوە، منیش بەو پەڕی شانازییەوە پێشکەش بە خوێنەرانی کوردستانەکەمی دەکەم.

---

*لەم وەرگێڕانە بەولاوە نەدەخێوابێ وەرگێرانێکی دەقی ی بۆ بکەم، کەبە (صیغەی مخاطب) بێ..بۆیە ووشەی (هۆشیار)م خستە سەر (نەی ڕۆڵە)... بۆنەوەی تارادەیەک پربە (صیغة)کەوە بێ..

پێشەکیش دان بەوەدا دەنێنم کەدوور نیە لەبارەی واتاو دارشتن و زمانەوانیەوە کەموکورتی تیدابێ..چونکی وەرگێڕانی نووسراوەیەکی غەزالی هێندە سانا نیە پیاو نووسراوەکەی بخاتە بەردەمی و بیکاتە کوردی، نەخێر گەرەکە وەرگێڕ خۆی بئاخێنێتە ناو دەروون و جەرگەی نوسینەکانی غەزالی و بەرگی بیری ئەو لەبەر بکا تا ئەو کاتەی دیماهی بە کۆششەکەی دێنێ هەروەها دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی درێژی بیروباوەڕو کۆشش و فەلسەفەو هێرشەکانی غەزالی بکا تا تێ ی بگاو دەرکی پێ بکا...ئەنجا لەدوای ئەم سوار سوارانێیە دەست بداتە خامەکەی و بێ دڵە ڕاوکێ دەست بە وەرگێڕان بکا....

منیش نەتەمەنم دەرفەتی ئەوەی داوم ببمە جوامێری ئەم مەیدانەوە، نە پلەی زانیاریشم لەو ڕادەیە بتوانم زۆر بەتەواوەتی و پوختەیی نووسراوەیەکی غەزالی بە کوردی پێشکەش بکەم*.

*ئەم قسەیەم لە سالی ١٩٧٢ بوو..بەلام بەم دواییە جارێکی دیکە پێیداچوومەوە گۆڕان و دەستکاریەکی باشم تێدا کرد.

جا هیوادارم ئەم وەرگێڕانە من ببێتە شەقاوێک بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە کۆنە گەوهەردارەکانی ئیسلام کە هەتا دونیا دونیابێ، نرخ و پایەی خۆی هەردەبێ...ئەمەش لە پێناوی ئەوەی نەوەی نوێ ی کورد لەم چەشنە بەرهەمانەی کەگشت زانیاری و زانستەکانیان لە کانیاوی قورئان هەڵێنجاوە، بێبەش نەکەین...

بەخواشتان دەسپێرم...
محسن جوامێر
هەولێر /۲۸-۷-۱۹۷۲

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەی رۆڵەی خۆشەویست و ئازیز: پێشەکی داوا لە خوا دەکەم تەمەنت درێژ بێ و ببی بە هاورێیازی ئەوانەی خوا خۆشی دەوێن....ئەوەش بزانە هەر نسحەتێکی لە منی دەبیستی سەرچاوەکەی پێغەمبەری مەزنە (د.خ) ...جا کە نسحەتی ئەوت بیستبێ، حەوجەی نسحەتی من نی. مادەم وایە دەپێم بڵێ بزانم: ئەمە چەند ساڵ و عەیامە چۆنت رابواردووە؟

ئەی رۆڵەی هۆشیار: یەک لەم نسحەت و ئامۆژگاریانەی پێغەمبەری مەزن کە بە ئێمەی راگەیاندووە ئەمەیە: **(علامة اللة تعالى عن العبد لا يعنه ، وان امرؤ ذهبت ساعة من عمره فى غير ما خلق له من العبادة لجدير أن تطول عليها حسرته ومن جاوز للاربعين ولم يغلب خيره على شره فليتجهز الى النار اشتغالة بما)** واتا: نیشانەی وازهێنانی خوا لە بەندەی خۆی ئەوەیە: یەکێک خۆی لە کارێک هەڵبقورتێنێ کە هیچ پەیوەندی لەگەڵ ئەودا نەبێ و سوودی پێ نەبەخشێ و ئەگەر مرۆڤێک سەعاتێک لە کیسە خۆی بدا بێ ئەوەی بۆ خوای تەرخان بکا، ئائەو

کەسە شایانی ئەوەیە خەفەت و ئاخ هەڵکێشێ.
ئەگەر یەکێکیش تەمەنی لە چلساڵ ڕەت بوو و چاکەی لە خراپەی زیاتر نەبوو، بائەو کەسە خۆی بۆ ئاگری دۆزەخ ئامادە بکا...
هەڵبەتە ئەم ئامۆژگاریەش بەسە بۆ ئەوان کەسانەی کە تێدەگەن و فام دەکەن.
ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: ئامۆژگاری کردن ئاسانە؛ بەڵام پیاوی دەوێ وەریبگرێ و جێ بەجێی بکا، چونکو ئەوەی شوێن پێی ئارەزووی خۆی کەوتووە، ئامۆژگاری ی لە قالب گرانەو ئەمەی خوا پێی ناخۆش بێ ئەوی بەلاوە خۆشە، بەتایبەتی لای ئەو کەسەی هەر خۆی ڕەپێش دەکا و بەهانەی وەزیفە و پایەی دونیایەو واش دەزانێ زانستەکی ڕووت بەسە بۆئەوەی خوا قوتاری بکا...بۆیەوا دەزانێ مەرج نیە پیاو کردەوەی چاک بێ. ئەمەش بیروباوەڕی فەیلەسوفەکانە، بەڵام داخی بەجەرگم ئەم لە خۆ بایی بووە نازانێ ئەگەر هاتوو کار بەم زانستی و زانیاریەی نەکا، ئەو کاتە خوا پتر لێی دەگرێ پتریش خوا لێی دەپرسێتەوە...هەروەک پێغەمبەر دەفەرموێ: (**أشد الناس عذابا يوم القيامة عالم لا**

ينفعه الله بعلمه) واتا: بەئەزیەترین کەس لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەو زانایەیە کە خەڵکی سوود لە زانینەکەی وەرناگرن.

دەگێڕنەوە، گوایا دوای ئەوەی شێخ جونەیدی بەغدایی خوا لێی خۆش بێ ئەمری خوای کرد یەکێک لە خەودا دیتی و پێ ی گوت: ئەی (**أبا قاسم**) چیت دیت و چیت بەسەر هات؟ ئەویش فەرمووی : (**مەگەر ئەو نوێژانە نەبن کەلە دوای نیوەشەودا کردبوومان***، **دەنا سەرجەمی ئەو ووشانەی نووسیبوومان لەناو چوون و هەپڕوون بە هەپڕوون بوون و سوودێکیان بە ئێمە نەگەیاند**).

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: خۆت لە کردەوەی پاک بێ بەش مەکە، ئاگات لە خوا بێ، ئەمەش بزانە زانستی بێ کردەوەی چاک هیچ سوودێک نابەخشێ و پیاویش بە تەنیا بە زانستیەوە دەرباز نابێ... پیاوی زانای بێ کردەوە بە یەکێ دەچێ لە چۆڵێکدا بێ،

---

*واتە شەو نوێژ.

ئازاو شەڕکەرو شمشێر وەشێن بێ، دە شمشێری هیندی و چەند چەک و تفاقێکی تری لە لابێ...هەر دیتت لە هیکرا شێرێکی تووندو تۆڵی تووش هات. بەمەزەندەی تۆ کابرا چی دەکا ئایا ئەگەر ئەم شیرو چەک و تفاقە بەکار نەهێنێ سەردەکەوێ و ڕزگاری دەبێ. هەڵبەتە بەکارهێنانی ئەمانەش پێویستی بە دەست وەشاندن هەیە، تابەرگری لە خۆی بکا و خۆی لە مەترسی و زەبرو زەنگی شێری مرۆڤ شکێن ڕزگار بکا.

هەر بەم جۆرەش، ئەگەر یەکێک هەزارەها بابەتی زانستی بخوێنێتەوە و کار بە چتاقیان نەکا، سوور بزانە ئەو زانستیە سوودی بۆ ئەو نیە و شتێکی وای پێ نابەخشێ...ئەمەش لەوە دەکا یەکێک پلەی گەرمای بەرز بووبێ و کەم خوێن بێ و چارەی تەنیا بە دەرمانی سەکنجەبین و کەشکاب* بێ،

*ئەم دوو دەرمانە لە کاتی خۆیدا بەکاردەهێنران، بەڵام نازانم لە کوردستاندا هەنەو بە چیش ناو دەبرێن.

بەلأم چتاقیان بەکار نەهێنیٚ، هەڵبەتە ئەو کاتە ئەم نەخۆشە چاک نابێتەوە.

هەتاکو جامیٚ لـــــەمەی نەنۆشی
قەت سەرخۆش نابی و ئەقڵت نافرۆشی

ئەی رۆڵەی هۆشیار: ئەگەر سەد ساڵ بخوێنی و هەزاران کتێب بخوێنینەوە، هەتا کاریان پیٚ نەکەی، ناکەویە بەر بەخشندەیی و میهرەبانی خوای مەزن. (**وأن ليس للانسان الا ماسعى**) واتا: ئادەمیزاد تا کۆشش نەکا ناگا بە ئاواتی خۆی...(**فمن كان يرجوا لقاء ربه فليعمل عملا صالحا**) واتا: ئەوەی دەیەویٚ بە دیتنی خوا بەختیار بیٚ و بەهەشتی بیٚ، با ئیشی چاک بیٚ....(**جزاء بما كانوا يكسبون**) واتا: ئەمەش پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەیەکە دەیکەن...(**ان الذين آمنوا وعملوا الصالحات كانت لهم جنات الفردوس نزلا خالدين فيها لا يبغون عنها حولا**) واتا: ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە، بەهەشتەکانی فیردەوس شوێنیانەو هەتا هەتایێ مێوانی ئەوێنەو، هەرگیز نایانەویٚ بچنە

شوێنێکی ترەوە..(**فخلف من بعدهم خلف أضاعوا الصلاة واتبعوا الشهوات فسوف یلقون غیا الا من تاب وعمل صالحا فاولئك یدخلون الجنة ولا یظلمون شیئا**) واتا: لەدوای پێغەمبەرەکان چینێک هاتن بەتەواوەتی پشتیان لە نوێژ کردو بە جارێ وازیان لێ هێنا بوو، بەدوای شەهوەت و ئارەزووی خۆیاندا عەودالْ بوون، هەڵبەتا ئەمانەش بەفەتارەت دەچن و تووشی نەهامەتی دێن، تەنیا ئەوان کەسانە نەبن کە بەشیمان بوونەتەوەو باوەڕیان بە خوا هێناوەو ئیشی چاک دەکەن، ئەوانەش دەچنە بەهەشت و هەرگیز زوڵمیان لێ ناکرێ.

ئەی چی بەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (د.خ) دەڵێ ی کە دەفەرموێ (**بني لاسلام على خمس شهادة أن لا اله الا الله وأن محمدا رسول الله، واقام الصلاة، وایتاء الزكاة، وصوم رمضان، وحج البیت لمن استطاع الیه سبیلا**) واتا: ئیسلام لەسەر پێنج کۆڵەکە بنیات نراوە: شایەتمانی بەوەی کە تاکە خوایەک هەیەو محمدیش پێغەمبەری خوایەو، نوێژکردن و، رۆژووگرتن و، حەج کردنی ئەو کەسەی لە توانای دایە...

باوەڕکردن بە خواش (**الایمان باللە**) دەبێ بەزار بگوترێ و بە دڵیش تەستیق بکرێ و کار بە فەرمانەکانی بکرێ...بە جێگەیاندنی فەرمانەکانی ئیسلامیش نایەنە ژماردن، چوونە بەهەشتیش لەدوای مل کەچی و خواپەرستیەوە دێتەدی، چونکە بەخشندەیی ی خوا وەبەر ئەو کەسانە دەکەوێ کە ئیشی چاک دەکەن (**رحمة اللە قریب من المحسنین**).

ئەگەر گوتراش بەندە هەر ئیتقانی بەخوا هەبێ و دەچێتە بەهەشت، ئێمە لەم تافەدا دەبێژین : بەڵێ، بەلأم کەی دەگاتە پلەی باوەڕ کردن بە خوا؟ دەبێ چەند قۆناغێک ببڕێ هەتا دەگاتە پلەی باوەڕ کردن بە خوا؟ دەبێ چەند قۆناغێک ببڕێ هەتا دەگاتە ئەم پلەیە؟ هەڵبەتە یەکەم قۆناغ ئیتقات و باوەڕهێنانە بە خوا، ئەویش ئایا پیاو دڵنیایە لەوەی لەسەرە مەرگدا بەم باوەڕ و ئیتقاتەوە بمرێ یا نە ء؟ ئەگەریش گەیشتە پلەی باوەڕ هێنان بە خوا، ئایا ئەوسا بە پەشیمانی و دەست بەتاڵی دەگەڕێتەوە؟

حەسەنی بەسری خوای لێ ی خۆش بێ دەفەرموێ (**خوای مەزن لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێتە بەندەکانی خۆی (ئەی بەندە ئازیزەکانی من لەبەر**

سایەو میهرەبانی من بۆ بەهەشت برۆن و هەر یەکێکتان بە پێ ی کردەوە چاکەکانی بەش و نسیبی خۆی وەرگرێ)) .

ئەی رۆڵەی هۆشیار: ئەگەر کار نەکەیت کرێ وەرناگری.

دەگێرنەوە، گوایا کابرایەک لە نەوەی ئیسرائیلیەکان حەفتا ساڵی رەبەق خوای پەرست خواش فریشتەیەکی بۆ رەوانە کرد تا پێ ی بڵێ لەگەڵ ئەم خوا پەرستیەشی شایانی چوونە بەهەشت نیە. هەر کە فریشتەکەش ئەم قسەیەی پێ راگەیاند، کابرا پێ ی گوت: ئێمە بۆ ئەوە دروستکراوین خوا بپەرستین، بۆیە گەرەکە لەم رێگەیەدا کۆڵ نەدەین و هەر بیپەرستین. هەر کە فریشتەکە گەرایەوە فەرمووی: خوایە خۆت دەزانی کابراکە چی گوت، خوای مەزنیش فەرمووی: (**ئەگەر ئەو واز لە ئێمە نەهێنێ، هەڵبەتە ئێمەش بەم رەندی و چاکیەی خۆمان واز لە ئەو ناهێنین، ئێوەش ئەی فریشتەکانی من شاهێد بن کە من لێ ی خۆش بووم**).

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ (**حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا وزنوا أعمالكم قبل أن توزنوا**) واتا: ئێوە

حسێب لەگەڵ خۆتاندا بکەن بەر لەوەی حسێبتان لەگەڵدا بکرێ و کردەوەکانی خۆتان هەڵبسەنگێنن بەر لەوەی هەڵبسەنگێنرێن.

حەزرەتی (عەلی)یش (ر.خ) دەفەرموێ: ئەوەی وا بزانێ بەبێ خەبات بە ئاوات دەگات، ئەو کەسە بە ئاواتەخواز (متمنی) لە قەڵەم دەدرێ. ئەوەی واش بزانێ بە خەبات بە ئاوات دەگات، ئەو کەسە بە (مستغن)ی لە قەڵەم دەدرێ.

شێخ حەسەنی بەسری دەفەرموێ: گوناهە ئەو کەسەی بێ هەوڵو کۆشش داوای بەهەشت بکا، هەروەها فەرموویەتی: نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەوەیە مرۆڤ واز لە هەوڵو کۆشش نەهێنێ و هەرگیزیش چاوەڕێ ی پاداشتی ئەو چاکەیەی کردوویەتی نەکا. پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (**الكيس من دان نفسه وعمل لما بعد الموت، والاحمق من اتبع هواه وتمنى على الله تعالى الاماني**) واتا: پیاوی دانا ئەو کەسەیە کە حسێب لەگەڵ خۆیدا دەکا و هەوڵ بۆ دوای مردن دەداو کردەوەی چاک دەکا، گەوچیش ئەو کەسەیە بەدوای هەواو ئارەزووی خۆی

دەکەوێ و هیوا خوازیشە کە خوا لێ ی خۆش بێ و ڕەحمێکی پێ بکا.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: چەندەها شەو نەدەنووستی و خەوت لە خۆ حەرام دەکردو کۆششت بۆ زانستی دەکردو کتێبت دەخوێندەوە، نازانم هۆی ئەمە چی بوو؟

ئەگەر هەر بۆ ئەوە بووبێ ماڵی دونیا کۆبکەیتەوە و وەزیفە و پایەت لەلایەن براو برادەرانت گەورە بێ، بۆئەوە کەشخەیان لەسەر لێ دەیت و شانازی بەخۆت بکەی...مانای وایە هەموو ڕەنجەکەت بەلاشەو سەرکەوتنت بۆ نیە...بەڵام ئەگەر مەبەستت ژیاندنەوەی شەریعەت و دەستوری پێغەمبەر (د.خ) بوو بێت و ویستبێتت خوڕەوشتی خۆت بەرز بکەیت و بەسەر خۆت زاڵ بی، یاخوا خوا دەست بەباڵی عومرت بگرێ و هەر بەرز بیەوەو چاکت بۆ بێ....شاعیریش ڕاست دەبێژێ:

گەر شەو نخوونی لەڕێ ی تـــۆ نەبێ
گشتی بەلاشەو بەفیرۆ دەچـــــــــێ
گریانیش لەبەر ترسی تۆ نەبـــــێ
ئەی بۆ کێ ڕۆندک لەچاو هەڵدەچێ؟

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: هەرچەندە بژی ڕۆژێک دێ دەمری، هەر کێت خۆش بوێ ڕۆژێک دێ بەجێ ی دێڵی، هەر چیت دەوێ بیکە، بەڵام ڕۆژێک دێ هەقی خۆت لە مست دەنرێ.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: پێم ناڵێی جگە لە دەهری کردن و عێدز کردنی خوا چ سوودێکت لە عیلمی کەلام و خیلاف و مەنتیق و پزیشکی و دیوان و شیعر و ئەستێرەناسی و عەرووز و ڕێزمان و تەسریف دیتوە؟

لە ئینجیلی عیسادا دیومە دەفەرموێ: (**لەو کاتەی مردوو دەخرێتە نێو تابووتەوە هەتا دادەنرێتە ڕۆخی گۆڕەکەیەوە، خوا بەو گەورەیییەی خۆیەوە چل پرسیاری لێ دەکا، لەیەکەمیاندا دەفەرموێ: ساڵەهای ساڵ هەموو ڕنج و گەنجت بۆ ئادەمیزاد بوو، کوچی هیچت بۆ من نەکردو لە پێناوی منیشدا نەختێك دەروونی خۆت خاوێن نەکردەوە...لەکاتێکدا من لە هەموو ڕۆژێکدا تەماشای دەروونی تۆم دەکرد... پێم ناڵێ ی بۆ هەموو شتێکت لە پێناوی خەڵك بوو؟ ئەم نازوو نیعمەتەی بە تۆم بەخشی بوو قەت نەدەهاتە بەر چاوت؟ قابیلە کەڕی تا گوێت لێ نەبێ؟**).

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: زانستی بێ کردەوە شێتیە، کردەوەش بێ زانستی ناشێ...چاکیش بزانە ئەم زانستیەی ئەمڕۆ لە خراپە دوورت ناخاتەوە و ترسی خوات لە دڵدا نانیشێنێ، لێت عەیان بێ بەیانی لە ناگری دۆزەخیشت ناپارێزێ.

ئەمڕۆکەش ئەگەر کار بە زانین و زانستی خۆت نەکەی و حسێبێک بۆ ڕۆژانی رابردووت نەکەی، بەیانی لە ڕۆژی قیامەتدا دەکەویە تەنگاوی و دەڵێ ی : (**فارجعنا نعمل صالحا غير الذي كنا نعمل**) واتا: خوایە بمان گەڕێنەوە دونیایێ، هەتا بە پێچەوانەی ئەو کردەوە خراپانەی کردوومانە، کردەوەی چاک بکەین.

ئەو کاتە وەلامت دەدرێتەوە: (**هەی گەوجە ئەدی ئەوە لەوێ نایێتەوە**).

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: هەمیشە بە تەنگەوەی گیانی خۆت بە کە گوێت لە ئایەتی (**ارجعي الى ربك**) دەبێ، پەروەردەی بکەو بەرزی بکەرەوەو بەسەر نەفس و دەروونی خۆت زاڵ بەو بیخە بەر سێبەری خوا.

بشزانە ئەم لەشەی هەتە هەر دەمرێ و گۆڕیش هەموو دەم دەستت ماچ دەکا...مردووەکانیش

هەموو ساتێ چاوەڕێتن تا بچیتە لایان...جا دەخیلتم نەکەی بە دەست بەتاڵییەوە ئۆغر بۆ ئەوێندەر بکەی...حەزرەتی ئەبوبەکر (ر.خ) فەرموویەتی: **(لەشی ئادەمیزاد یا بە وێنەی قەفەسێکەو باڵندەی تیا دەژی ، یا بە وێنەی تەویلەیەکەو ئاژەڵی تیا دەژی).**

جا تۆ بیر لەخۆت بکەرەوە بزانە لە کێهانی؟ ئەگەر لە باڵندەکەی و هەر باڵ پەیدا دەکەیت و وەکو باڵندە بەرەو بەرزایی بەهەشتەوە دەفڕی و بە وێندەرەوە شاد دەبی و عەرشی خوات بۆ دێتە هەژان، وەکو چۆن عەرشی خوا بە مردنی سەعدی کوڕی مەعاز هاتە هەژان. پێغەمبەر (د.خ) دەربارەی مردنی سەعد فەرموویەتی: **(اهتز عرش الله من موت سعد)**...ئەوە ئافەرین بۆ تۆ...ئەگەر خواش نەکا، لە ئاژەڵ بچی و هەموو تەنگەتاوێکت بۆ لەش و ئەندامەکانت بێ و خوات لە بیر چووبێتەوە، وەکو خوا گەورە دەفەرموێ: **(اولئك كالأنعام بل هم أظل)** واتا ئەو جۆرانە لە ئاژەڵ دەکەن، بەڵکو خراپتریشن...ئەوە هەر خوا بتپارێزێ...

جا بۆیە لە خۆت ئەمین مەبەو پێش ئەوەی تووشت بە تووشی ئاگری دونیای ئەوبەر بی، لە پێناوی خوادا ڕەنج بدەو تێبکۆشە.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: دەگێڕنەوە، جارێکیان پەرداخێک ئاویان بۆ شێخ حەسەنی بەسری هێنا، هێشتا ئاوەکەی نەنۆشی بوو، لە هۆش خۆی چوو و پەرداخە ئاوەکەی لە دەست بەربووەوە، هەر کەهۆشی هاتەوە بەرە خۆ پێیان گوت: ئەی باوکی سەعید ئەمە چی بوو بۆ وات بەسەر هات؟ ئەویش گوتی: دۆزەخییەکانم هاتەوە یاد کاتێ پەنا دەبەنە بەر بەهەشتیەکان پێیان دەڵێن یا بڕەک ئاومان بدەنێ یاخود کەمێک لەوەی خوا پێ ی داون: **(أن أفيظوا علينا من الماء او مما رزقكم الله)** .

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: ئەگەر بە تەنیا زانین و زانیاری بێ کردەوە، کەڵکێکی هەبوایە...حەوجەی ئەوە نەبوو خوا داوا لە مرۆڤ بکا لێ ی بپاڕێتەوە و پەشیمانی خۆیان بنوێنن و تۆبە بکەن، وەک دەفەرموێ: **(هل من سائل؟ هل من مستغفر ؟ هل من تائب؟)**.

دەگێڕنەوە دەڵێن جارەکیان دەستەیەک لە هاوڕێکانی پێغەمبەر (د.خ) لە خزمەتیدا دانیشتبوون، قسەو باس

کراوە پاشی هاوڕێکان ناوی عەبدوڵای کوڕی عومەریان هێنا، پێغەمبەریش (د.خ) فەرمووی: چاکترین پیاو ئەوە (واتا عەبدوڵای کوڕی عومەرە) ئەگەر شەو نوێژ بکا: (**نعم الرجل هو لو كان يصلى بالليل**)...پێغەمبەر (د.خ) بەیەکێک لە هاوڕێکانی خۆی گوت کە بە شەو زۆر نەخەوێ، چونکی زۆر نووستن وا لە پیاو دەکا لە ڕۆژی قیامەتدا هەژارو مسکێن بێ: (**يا فلان لاتكثر النوم بالليل يدع صاحبه فقيرا يوم القيامة**).

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: ئایەتی (**ومن الليل فتجهد به نافلة لك***) فەرمانە و ، ئایەتی (**وبالأسحار هم يستغفرون****) سوپاسکردنی خوایە و، ئایەتی (**والمستغفرين بالأسحار*****) یادکردنی خوایە.

---

*واتا بە شەو خەو بە جێ بێڵەو هەستە بۆ خۆت جگە لەم پێنج نوێژانەی فەرزن نوێژی دیکە بکە کە تایبەتیە بۆ تۆ.

**واتا خوا ناسەکان بەرلەوەی بەیانی دابێ لەخەو ڕادەپەڕن و دەپاڕێنەوەو پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن.

***واتا ئەو خواناسانەی بەر لەوەی بەیانی دابێ دەپاڕێنەوەو پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن.

پێغەمبەری مەزن (د.خ) فەرموویەتی: (**ثلاث أصواتيحبها الله تعالى: صوت الديك، وصوت الذي، يقرأ القرآن، وصوت المستغفرين بالأسحار**) واتا: سێ دەنگ هەیە خوا زۆری پێ خۆشە: دەنگی کەڵەباب و، دەنگی ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێ و دەنگی ئەوان کەسانەی بەر لەوەی بەیانی دابێ لە خوا دەپاڕێنەوەو پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن.

سوفیانی سەوری (خ.ڕ) دەفەرموێ: (**خوای گەورە بایەکی دروست کردووە ئەم بایە پێش ئەوەی بەیانی دابێ هەموو یادو پەشیمانیەکی خواناسەکان دەباتە بەردەم خوا**). هەروەها فەرموویەتی: (**لەسەرەتای نیوەی شەودا لە ژێر عەرشدا بانگ دەکاو دەڵێ: با خواپەرستەکان لە خەو هەستن، ئەوانیش هەڵدەستن و هەر خوا بە خۆی دەزانێ چەند نوێژ دەکەن، پاشان لە کەرتی شەودا (شطر الليل) بانگ دەرێك بانگ دەکاو دەڵێ: ئەوانەی بۆ خوا مل کەچن (القانتون) با لە خەو هەستن، ئەلهەق ئەوانیش هەڵدەستن تا پێش بەیانی نوێژان دەکەن، لەدوای بەیانیشدا بانگ دەرێك بانگ دەکا دەڵێ: با بێ ئاگایەکان لە خەو**

هەستن، ئەوانیش هەڵدەستن و وەکو مردووەکان لە گۆڕەکانیاندا بەرەڵڵاو پەرت و بڵاو کراوین وان).
ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: دەگێڕنەوە لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی خۆی گوت: (ئەی کوڕی خۆشەویستم، با کەڵەباب لە تۆ هۆشیار تر نەبێ، ئەو لە بەیانیەکی زوودا بانگ بداو تۆش لە پرخەی خەودابی).
شاعیریش ڕاستی گوتوە:

حەیفە سەد حەیف سەر لەبــەیانی
من بێ خەبەر بم کەڵەباب بانگ کا*
گەر موسڵمانم، خودام خۆش دەوێ
دەبێ کەڵەباب چاوەڕێ ی من کــا
بەڵام درۆیە، ڕاستیم بــــــەرداوە
خۆم لە گێژاوی گێژی لـــوول داوە

*لەبەر خاتری قافیە (بانگ دا) بووە بە (بانگ کا).

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: پوختەی زانست و زانستی ئەوەیە بزانی گوێدێری و خواپەرستی چیە؟ بزانە کە گوێدێری کردنی خواو پەرستنی لەوەدایە لە هەموو فەرمانێکدا بە قسەو بە کردەوە پەیڕەوی فەرمانەکانی ئەو بکەی، واتا: هەر قسەیەکی دەیکەی و هەر کردەوەیەکی جێبەجێ ی دەکەی، دەبێ بەپێ ی فەرمانەکانی شەرع بێ... بۆیە ئەگەر ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژ دوای ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان بە ڕۆژوو بی، مانای وایە سەرپێچی لەشەرعی خوا دەکەی و، ئەگەر بە جلێکی تالآن کراویش نوێژ بکەی، ئەگەرچی شێوەی خوا پەرستی لێ بەدی دەکرێ، بەڵام گوناحت بۆ دەنووسرێ.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: دەبێ قسەو کردەوەت بە پێ ی شەرع بێ، چونکە ئەگەر زانین و کردەوەت پێچەوانەی شەرع بێ ئەو کاتە بە لەڕێ لادەر (**منحرف**) لەقەڵەم دەدەرێ ی.

نەکەی بە قسەی عەلەق و بەلەقی سۆفیان هەڵخەڵەتێ ی، چونکو سۆفیاتی ڕاستەقینە ئەمەیە پیاو هەمیشە خەبات بکاو بەسەر شەهوەت و ئارەزووەی خۆی زاڵ بێ و بەشیری مەشق و کۆشش

کردن هەوای نەفسی خۆی بکوژێ...نەک بە قسەی عەلەق و بەلەقی بێ ماناو بەشتی تورەهات خۆی خەریک بکا...ئەوەش بزانە زمانی بەرەڵلاو پیس، هەروەها دڵی پڕ لە غەل و غەش و شەهوەت، نیشانەی بەدبەختی و نەهاتیە. ئەگەر نەفسی خۆت بە تێکۆشان نەکوژی مانای وایە دڵت بە تیشکی زانینەوە ڕۆشن نابێتەوە... ئەوەش بزانە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە منت کردبوو بە نووسین و قسە دیماهی نایەت...ستەمیشە بتوانی لە وەڵامەکانی من بگەی، ئەگەر خەبات لەگەڵ نەفس و دەروونی خۆت نەکەی..بۆچی ئاواشە؟ چونکی مەسەلەکە پەیوەندی لەگەڵ زەوقی مرۆڤەوە هەیەو ناتوانرێ تەنیا بە قسە باسیان لێوە بکرێ و لەوەش دەچێ یەکێک باسی شیرناتی شتی شیرین بکا، یاباسی تاڵی و شتی تاڵ بکا، کەچی ئەمەش بەهەستی چەشتن (**حاسة الذوق**) نەبێ نازانرێ...دیسان ئەمە بەمەسەلەی کابراکە دەچێ کەپیاوەتی نەبوو، هەستا نامەیەکی بۆ هاوڕێ ی خۆی نووسی و داوای لێ کرد کەباسی تام و زەوقی سەرجێیی (**جماع**)ی بۆ بکا، چۆنەو چۆن دەبێ، کابراش نەیکردە نامەردی و نامەیەکی بۆ ڕەوانە کردو لە

وەلامەکەیدا بۆی نووسی: فلان وام دەزانی تۆ بەس پیاوەتیت نیە، بەڵکو گەوجیشی، چونکە سەرجێی کارێکە پەیوەندی لەگەڵ زەوقەوە هەیە و ئەگەر یەکێک نەیکا لە زەوقەکە ناگا...لەبەر هەندێکە ئەم مەسەلەیە بەقسە و نوسین باسی لێوە ناکرێ.

ئەی رۆڵەی هۆشیار: هەندێ لە پرسیارەکانت لە ڕیزی ئەم پرسیارانەن کە پێشتر بۆم ڕوون کردیەوە، ئەوانیتریش کەشایانی وەلام دانەوەن، ئەوا لە کتێبی (**أحياء علوم الدين**) و هی تردا هەن...وا ئێستاکە هەندێکیتان بۆی هەڵدەبژێرین و لە خوارەوە تۆماری دەکەین.

ئەوەی خواپەرست بێ دەبێ پەیڕوی چوار شت بکا:

یەکەم: باوەڕێکی تەواو کە هیچ (**بدعە**)یەکی تیا نەبێ.

دووەم: تۆبە و پەشیمانیەکی یەکجاری و نەگەڕانەوە بۆ گوناح. **سێەم**: ڕازی کردنی ئەو کەسەی نەیارتە، هیچ کەسێک هەقی بەسەر تۆدا نەمێنێ. **چوارەم**: هەوڵدان بۆ شارەزایی پەیداکردن لە زانستی شەریعەتدا، بۆئەوەی ئەم زانستیەی هۆی ڕزگاریتە لە خراپیدا، وەدەستت بکەوێ.

دەگێڕنەوە دەڵێن شبلی خوا لێی خۆش بێ خزمەتی چوار سەد مامۆستای کرد لە پاشدان گوتی: **(چوار هەزار فەرمایشتم لەبەر کرد، پاشان لەنێو ئەم چوار هەزارە یەکێکیانم هەڵبژاردو کارم پێ کردو، وازم لە** فەرمایشتەکانی **تر** هێنا، چونکە زانیم ڕزگار بوونی من لەوەدایە بە گوێ ی ئەم فەرمایشتە بکەم کە پڕیەتی لە زانین و زانیاریەی مرۆڤ خۆی پێوە ماندوو کردووە...بەڵێ من ئەم فەرمایشتەم هەڵبژارد کە پێغەمبەر (د.خ) بە هاوڕێکانی خۆی فەرموو: (**اعمل لدنياك بقدر مقامك فيها، واعمل لاخرتك بقدر بقاءك فيها، واعمل لربك بقدر حاجتك اليه، واعمل للنار بقدر صبرك عليها**) واتا: بەقەد مانەوەت لە دونیادا بۆی هەوڵدەو، بەقەد مانەوەت لە ڕۆژی دواییدا بۆی هەوڵدەو، بەقەد پێویستیت پێ ی هەوڵدە بۆ خواو، بەقەد بەرگەگرتنیشت لە ئاگردا هەوڵدە بۆی.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: ئەگەر لەم فەرمایشتە بگەی، مانای وایە پێویستیت بە زانستییەکی ئەوتۆ نیە تا بە ئەنجامێک بگەی، ئێستاکەش چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە کە دەڵێ: کابرایەک هەبوو ناوی **(حاتم الاصم)** بوو، لە برادەرە نزیکەکانی شەقیقی بەڵخی

بوو، ڕۆژێکیان شەقیقی بەلخی پێ ی گوت: تۆ ئەوە سێ ساڵە لەگەڵمایت چ سوودێکت لەم ماوەیەدا دیتوە؟ ئەویش گوتی: هەشت سوودم دیتوە، ئەو هەشتەش بۆ ئەوەیە پێیانەوە ڕزگار بم..شەقیقیش گوتی: ئەو هەشت سوودە چیە؟ حاتەمیش گوتی: **سودی یەکەم:** من تەماشای خەڵکیم کرد، دیتم هەر یەکێ چەند خۆشەویستێک و یارێکی هەیە کە خۆشی دەوێن...هەندێ لەم دۆستە خۆشەویستانە هەتا تووشی نەخۆشیەک دێ، لەگەڵینەو هاودەمینە، بەلاَم هەرکە نیشانەی مردنی پێوە دەبینن، هەندێکی تریش لەگەڵیدا دەبن هەتا دەیبەنە ڕۆخی گۆڕەوە، ئەوجە لەوێندەر بەجێی دێلن و کەس لەگەڵیدا ناچێتە ناو گۆڕەوە. منیش بیرم لە چاکترین دۆستی مرۆڤ کردەوە کەلە گۆڕەوە هاودەمیەتی و لەوێوە سوودێکی پێ دەبەخشێ و دەبێ بە هۆگری ئەوەوە، هەڵبەتە ئەم دۆستەش ئەو کردەوە چاکانەن کە خۆشەویستی منن و چرایەکن بۆ من و پێیانەوە شاد و گوشاد دەبمەوەو بە تەنیایی بەجێم نایەڵن. **سوودی دووەم:** دیتم وا خەڵکی بەدوای شەهوەت و ئارەزووی خۆیان کەوتوونەو چیتریان بە خەیاڵدا نایەت...منیش

ئایەتی خوام هاتەوە یاد کە دەفەرموێ: (**واما من خاف مقام ربه ونهی النفس عن الهوی فان الجنة هی المأوی**) واتا: ئەوەی لە خوا بترسێ و بەسەر شەهوەت و ئارەزووی خۆیدا زاڵ بێ، شوێنی ئەو کەسە بەهەشتە و لە وێندەر شاد دەبێتەوە..بەمەوە بۆم دەرکەوت کە قورئان ڕاست دەفەرموێ و منیش دەبێ بە پێچەوانەی نەفسی خۆم ڕەفتار بکەم...بۆیە منیش جڵەوی تێکۆشانم بە دەستەوە گرت و دەسەڵاتی خۆم بەسەر نەفسمدا زاڵ کرد، تاوام لێ کرد ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە بێ.

سوودی سێیەم: سەیرم کرد دیتم هەر یەکێ وا حەولە حەولی ئەوەیتی ماڵ بۆ خۆی کۆبکاتەوە، منیش بیرم لە ئایەتی خوا کردەوە کە دەفەرموێ: (**ماعندکم ینفد وما عندالله باق**) واتا: ئەوەی لای ئێوەیە تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لای خوایە تەواو نابێ و نابڕێتەوە...بۆیە منیش ئەوەی لە لامەوە هەبوو لەڕێ ی خوای بەسەر هەژارو بێ دەسەڵاتاندا دابەش کرد، تابەمەوە لەلایەن خوا گەنجینەیەک بۆ خۆم بڕخسێنم، بۆئەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا فریام کەوێ. **سوودی چوارەم**: هێندێ کەسی وام بەرچاو

کەوت، کەبەلایەوە شەرەف و پایە بەرزی لەوە دایە یەکێ قەوم و قیلەیەکی زۆری هەبێ و شانازیان پێوە بکا...هێندەکیان وایان دەزانی شەرەف و پایە بەرزی لەوە دایە یەکێ ماڵ و منالێکی فرەی هەبێ و شانازیان پێوە بکا..هێندەکیان وایان دەزانی شەرەف و پایە بەرزی لەوەدایە یەکێ ماڵی خەڵکی تالآن بکاو زوڵم و خوێن ڕێژی بکا...هێندەکی تریان وایان دەزانی شەرەف و پایە بەرزی لەوە دایە یەکێ ماڵی خۆی پەرت و پەرگەندە بکاو خۆشی نەزانێ چۆنی ببەخشێ. منیش بیرم لە ئایەتی خوا کردەوە کە دەفەرموێ: (**ان أکرمکم عند الله أتقاکم**) واتا: بەڕێزترین کەس لای خوا ئەو کەسەیە زۆر لە خوا بترسێ...بۆیە منیش لە خوا ترسانم بۆ خۆم هەڵبژارد و باوەڕم هێنا کە قورئان ڕاست دەفەرموێ و، ئەوی لە بیری ئەوانایتریش دایە ڕاست نیە.

سوودی پێنجەم : دیتم خەڵکی وا زەمی یەکدی دەکەن و پاشملە لە یەکتر دەدوێن، منیش زانیم ئەمەیان لەبەر چاو تەنگیەوەیە و خەم لەیەکتر دەخۆن... بۆیە چاویان بڕیوەتە ماڵ و پایە و زانستی یەکتری، منیش بیرم لە ئایەتی خوا کردەوە کە دەفەرموێ: (**نحن**

فيمنا بينهم معيشتهم في الحياة الدنيا) واتا بە پیّ ی
ویستی خۆمان ماڵ و سامانمان لە ژیاندا لە نێو
خەڵكیدا دابەش كرد و كەسی تر هەقی بەسەر
نیە...بۆیە منیش زانیم بەشكردنی هەموو شتێک لە
لایەن خواوەیە، ئەمیش لە ئەزەلەوە بۆی
ڕەخساندووینە، لەبەر ئەمە بەرچاوم تەنگ نەبوو
خەمم لە كەشیّ نەخواردو، بەم بەشەی خوا پیّ ی
دابووم قایل بووم. **سوودی شەشەم:** دیتم خەڵكی وا
لەبەر چەند هۆیەک دوژمنداری لەگەڵ یەكدی
دەكەن و منیش بیرم لە ئایەتی خوا كردەوە كە
دەفەرمویّ: **(ان الشیطان لكم عدو فاتخذوه عدوا)**
واتا: شەیتان دوژمنی ئێوەیە و، ئێوەش بە دوژمنی
دابنێن...بۆیە منیش زانیم كە نابیّ جگە لە شەیتان
دوژمنداری لەگەڵ كەسدا بكەم. **سوودی حەفتەم:**
دیتم هەر یەكیّ بەو پەڕی تواناو كۆششیەوە وا هەوڵ
دەدا بۆئەوەی هەر چۆنێک بیّ نانێک پەیدا بكاو،
لەڕادە بەدەر خۆی دەخاتە دوای حەرام و گومان و
چاوی خۆی نزم دەكاتەوە و بەجاریّ نرخی خۆی
دێنێتە خوارەوە. منیش بیرم لە ئایەتی خوا كردەوە
كە دەفەرمویّ: **(وما من دابة في الارض الا على الله**

رزقها) واتا: هەر گیانلەبەرێک کەلە زەویدا خول بخواتەوە ئەوە رزقی لەسەر خوایە و ماتەڵ نابێ...بۆیە منیش کە زانیم رزق لەسەر خوای گەورەیە، ڕووم لە خوا کرد و تەنیا چاوم بڕیە ئەم.

سوودی هەشتەم: دیتم هەریەکێ پشتی بە شتێ بەستووە، یەکێ بە دینار و درهەم، یەکێ بەماڵ و موڵک، یەکێ بە پیشەو پیشەسازی، یەکێ بە ئادەمیزادێکی وەکو خۆی. منیش بیرم لە ئایەتی خوا کردەوە کە دەفەرموێ: (**ومن یتوکل علی الله فهو حسبه ان الله بالغ أمره قد جعل الله لکل شيء قدرا**) واتا: ئەوەی پشت بە خوا ببەستێ ، ئەوەندەی بەسە، خواش ئەوەی بیەوێ جێبەجێی دەکاو، حیسابێکی تایبەتیشی بۆ هەموو شتێک کردووە ڕادەیەکی بۆ داناوە. بۆیە منیش پشتم بەخوا بەست و هەر ئەوم بەسە، ئەویش چاکترین پارێزگارە.

شەقیقی گوتی: خوا دەست بەباڵی عومرت بگری، ئەو هەشت سوودەی بۆ منت گوت، خڕ لە کتێبی تەورات و ئینجیل و زەبوورو قورئان دایەو، هەر یەکێکیش جێبەجێیان بکا مانای وایە فەرمانەکانی ئەم چوار کتێبانەی هێناوەتە دی...

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: لەم دوو چیرۆکەی پێشوودا بۆت ڕوون بووەوە کە تۆ بە تەنیا پێویستیت بەزانین و زانستی نیە...هەر ئێستاش بۆتی ڕوون دەکەمەوە کەدەبێ ئەوەی خواناسەو ڕێ ی هەقی گرتووە چ ئەرکێک بەجێبێنی؟ پێش شتێک دەبێ شێخێک و ڕابەرێکی هەبێ، تا بکاو ڕەوشتی خراپی لێ ڕیشە کێش بکاو ڕەوشتی بەرزی لە شوێن دابنێ...واتای پەروەردەش، لە کردەوەی جووتیارێ دەچێ کە ئەو درک و داڵە زیان بەخشانە لە ناو کشتوکاڵدا دەرکێشێ بۆئەوەی کشتوکاڵەکەی بەرهەم بێنێ و هەراش بێ...هەر بەم جۆرەش پیاوی خواناسیش پێویستی بە شێخێک هەیە پەروەردەی بکاو بۆ خوای ڕێنمایی بکا...چونکو خوای مەزن پێغەمبەری (د.خ) بۆئەوە بۆ خەڵکی ناردووە تا ڕابەریان بکاو، کە دونیاشی بەجێ هێشت خەلیفەی هەیەو جێی ئەو دەگرێتەوە، تا خەڵکی بۆ خوا ئاراستە بکا. مەرجیشە ئەو شێخەی خەلیفەی پێغەمبەرە (د.خ)، زانا بێ...ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مەرجە هەموو زانایەک بۆ خەلیفایەتی بشێ.

منیش وا له ئەلعانەوە هەندێ لە نیشانەکانی شێخایەتیت بۆ دەبێژم تا هەریەکێ زانا بوو بڕیاری لەسەر نەدرێ ڕابەرەو شێخە، شێخ ئەو کەسەیە: ماڵی دونیای لەبەر چاودا بەبێ بایەخ نەداتە پایە و پلەی دونیاو، تەریقەتەکەی ئەو بەزنجیرە بکاتەوە پێغەمبەری مەزن (د.خ) نەفسی خۆی خاوێن بکاتەو و فێره بەرگری بکا، وەکو کەم خواردن و کەم قسە کردن و کەم نووستن و زۆر نوێژ کردن و سەدەقە دان و ڕۆژوو گرتن.

پێویستە پیاو شوێن پێ ی ئەم شێخە بکەوێ کە چەند خاسیەتێکی بەرزی لێوە بەدی دەکرێ و بیکا بە ڕەوشتی خۆی، وەکو بە ئارامی و نوێژ کردن و سوپاس کردنی خواو پشت بە خوا بەستن و یەقینداری و سەخاوەت و قایل بوون بە هەموو ئەشتەکی خواو دڵنیایی نەفسی و لەسەرە خۆیی و زانستی و ڕاستگۆییێ و حەیاو ئەمەگداری و سەنگینی و هێمنی و...هتد.

جا ئەگەر ئەم شێخە ئەم خاسیەتانەی هەبێ، مانای ئەوەیە تیشکێکە لە ڕۆناکی پێغەمبەر (د.خ) و دەشێ پەیڕەوی بکرێ، بەلام پیاوی ئازا زۆر کەمن و

کەمترن لە گۆگردی سوور*...جا ئەوەی بەختی هەبوو شێخێکی وای دۆزیەوە...ئەوە گەرەکە بە ڕواڵەت و بە دڵ ڕێزی لێ بنێ. ڕێزگرتنی بە ڕواڵەتیش ئەوەیە دەمەتەقێ ی لەگەڵدا نەکاو لە هیچ مەسەلەیەکدا بەرپەرچی نەداتەوە، هەتا ئەگەر شێخەکەش بەهەڵەدا چوو بوو**. ناشبێ جگە لەکاتی نوێژدا دوگردی خۆی لەبەردەم شێخدا ڕایەخێ، چونکە ناماقووڵیە. ئەگەریش لە نوێژیش بووەوە دەبێ زوو دوگردەکە هەڵگرێ و ناشبێ زۆر نوێژی (**نەوافل**) لەبەردەم شێخدا بکا...دەبێ شێخ چی فەرموو زوو و بەپێ ی توانا جێبەجێی بکا.

ڕێزگرتنی شێخ لەدڵەوە بەمەوە دەبێ هەر چی لە شێخی بەرگوێ کەوت و بەڕواڵەت وەرگرێ، دەبێ لە دڵەوەش باوەڕی پێ

---

*هەڵبەتە ئەو عانی گۆگردی سوور بە نرخ و کەم بووە، بۆیە بە نمونەی هێناوە.

**ئاخر ئیسلام چۆن ئەمە قبووڵ دەکا؟ دوایی لە ئیسلامدا چاو پۆشین لە هەڵە مانای بڕیاردانە بەڕاستی ئەم هەڵەیە. ئەمەش پێچەوانەی دەستووری ئیسلامە.

بكا.. نەقسەو نە بەکردەوە پێچەوانەی ئەو نەبێ و ئینکاری نەکا، ئەگینا تووشی ناپاکی (**نفاق**) دەبێ...ئەگەر نەشیتوانی با ماوەیەک لە شێخ دوور کەوێتەوە...بەڵکو خوا دەکا دڵی وەکو ڕواڵەتەکەی لێ دێ. نەکا لەگەڵ هاوڕێ ی خراپدا دانیشێ نەوەکا شەیتانی ئینس و جنۆکە زەفەری پێ ببەن و دڵی لێ تێک بدەن، بۆئەوەی دڵی لە غەڵبە غەڵبی شەیتان خاوێن بێتەوە، دەشبێ هەژاری بۆ خۆی هەڵبژێرێ نەوەک دەوڵەمەندی...ئەنجا ئەوەش بزانە کە سۆفیاتی دوو خاسیەتی هەیە. یەکەمیان مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ خوا ڕاست بێ و بە ڕەوشتێکی بەرزەوە لەگەڵ خەڵکیدا جوولایەوە، ئەوسا بەو کەسە دەگوترێ سۆفی. ئەگەر سۆفیش دەیەوێ لەگەڵ خوادا ڕاست بێ با بەفسی خۆی بە قوربانی فەرمانەکانی خوا بکا. ڕەوشت چاکیت لەگەڵ خەڵکیدا لەوە دایە هەوڵی ئەوە نەدەی هەمیشە بۆ ئارەزوو و مەبەستی خۆت ملکەچیان بکەی تەنیا ئەگەر کارێک بە پێچەوانەی شەرع کرا.

لەدوایدا لە بابەت بەندایەتیەوە لە منت پرسی، ئەویش سێیانە.

یەکەم: پاراستنی فەرمانی شەرع. **دووەم**: قایل بوون بە قەزاو قەدەری خواو بەوەی خوا قیسمەتی کردووە. **سێیەم**: ملکەچی بۆ ئەم فەرمانانەی خوا دەریانی کردووە پێیان ڕازی بە.

لەبارەی پشت بە خوا بەستنیشەوە (**التوکل**) لە منت پرسی، پشت بە خوا بەستن مانای ئەوەیە تۆ باوەڕت بەوە هەبێ ئەو بەڵێنەی خوا داویەتی بەجێی دەینێ (**واتا باوەڕت بەوە هەبێ خوا چی بۆت نووسیوە ئەوەت بۆ دەبێ و ئەگەر دونیاش هەستێ کەس ناتوانێ لێتی دوور بکاتەوەو، ئەوەی خواش نەینووسی بێ، دونیاش هەستێ بۆت نابێ**). لەبارەی دڵسۆزیەوەش لە منت پرسی، دڵسۆزی ئەوەیە: هەموو کردەوەو ڕەفتارێکت لە پێناوی خوا بێ، دڵیشیت بەمەوەی خۆش نەبێ یەکێک ستایشت بکا، کاتێ زەمیشت دەکرێ غەم مەخۆ. ئەوەش بزانە (**ڕیا**) کاری لەمەوە پەیدا دەبێ بە چاوێکی زۆر بەرز سەیری خەڵک بکرێ. چارە کردنی (**ڕیا**)یش لەوەدایە بەم چاوە تەماشای خەڵکی بکەی کە گشتیان ملکەچی تواناو هێزی خوانەو عەینەن لەرەقەمەن (**جمادات**) دەکەن، کە ناتوانن نەخۆشی و نەناخۆشی بەکەسێ

ببەخشن. ئەم لێکدانەوەش بۆئەوەیە لەم (ڕیا) کاریەدا ڕزگاریتان ببێ و هەر کاتێ تۆش بیری ئەوەت کردەوە کە ئەوانە خاوەن هێزو توانانە، مانای وایە خۆت لە (ڕیا) کاریدا دەرباز نەکردووە.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: ئەم پرسیارانەی کەماونەتەوە و وەڵامنەدراینەوە، وەڵامەکانیان لە کتێبەکانی ترم بدۆزەرەوە، نووسینی هێندێکیشیان حەرامە، تۆش ئەوەی دەیزانی کاری پێ بکە، تاکو ئەوەی کە نایزانی بۆت ڕۆن بێتەوە.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: لەمەودوا هەر ئیشکالێکت هەبوو بەزار پێم مەڵێ، لەدڵەوە وە منی ڕابگەیەنەو پەلە مەکە، هەروەکو خوا دەفەرموێ: (**ولو انهم صبروا حتى تخرج اليه لكان خيرا لهم**) واتا ئەگەر بهاتایە ئەوان دانیان بەخۆ بگرتایە تا پێغەمبەر (د.خ) لەماڵەوە دەهاتە دەرەوە (چونکە کاتی حەسانەوەی پێغەمبەر بووا)، ئەمە بۆ ئەوان زۆر باشتر بوو. گوێ بگرە ئامۆژگاریی حەزرەتی خدر کاتێ بە حەزرەتی موسا (س.خ) ڕادەگەیەنێ: (**ولا تسألني عن شيء حتى أحدث لك منه ذكرا**) واتا ئەگەر شتێکت بەلاوە سەیر بوو زوو مەیلێ، هەتا ئەو کاتەی من خۆم

هۆیەکەشت پێ دەڵێم. پەلە مەکە هەتا دەیگەیتێ یا خۆت ئاشکرا دەبێ و بەدیار دەکەوێ (**سأریکم آیاتی فلا تستعجلون**) واتا: نیشانەکانی خۆمتان پەیتا پەیتا پیشان دەدەم، پەلە مەکەن...بۆیە پێش ئەوەی کاتی پرسیار کردن بێ، شتم لێ مەپرسە...لێشت یەقین بێ هەتا بەپێ ی فەرمانی خوا بۆی نەچی بەمەبەست ناگەی. (**اولم یسیروا في الارض فینظروا کیف کان عاقبة الذین من قبلهم**) واتا: ئایا ئەمانە لەم زەویەدا نەگەڕلاون تا سەیری ئەنجامی ئەوانەی پێشوو بکەن کە بڕوایان نەهێناوەو هەر هەڵپە هەڵپیان بوو.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: بەخوا ئەگەر بەملاو ئەولادا بڕۆیت، شتی زۆر عەجایب دەبینی...جا تۆش گیانی خۆت ببەخشە (**سەرەتای ئەم ڕێبازەش گیان بەخشینە**) هەروەکو زەنوونی میسریش خوای لێ خۆش بێ بەیەک لە شاگردەکانی خۆی گوت : (**ئەگەر دەتوانی گیانی خۆت بەخت کەیت، فەرمووی لەگەڵدا بکەوە ڕێ، ئەگەر نا خۆت بە تورەهاتی سۆفیاتیەوە خەریك مەکە**).

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: من بی هەشت شتان ئامۆژگاریت دەکەم، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە ڕۆژی قیامەتدا

زانستیت لێ نەبێتەوە قەزاو بەلاً. تۆش چواری لێ بەجێ بگەیەنەو وازیش لەچوارەکەی تر بێنەو خۆتی لێ دوور بخەرەوە. ئێستا ئەوەی دەمەوێ وازیان لێ بێنی ئەمانەن: یەکەم: هەرچەندە دەتوانی لەگەڵ کەسدا دەمەتەقە مەکە، چونکو بە فەتارەت دەچی و تووشی نەهامەتی دێ ی . جگە لەوەی دووچاری گوناحان دەبی...چونکە دەمەتەقێ سەرچاوەی هەموو ڕەوشتێکی ناپەسەندە وەکو (ڕیا) کاری و چاوچنۆکی و خۆ بەگەورە زانین و کین و بوغزو ناکۆکی و کەیف بەخۆ هاتن. بەلاًم ئەگەر مەسەلەیەک لە نێوان تۆ و یوکێکی تردا یا دەستەیەکی تردا ڕووی داو تۆش ویستت هەق بەسەر کەوێ و گوم نەبێ، ئەوسا دەتوانرێ باسی لێوە بکرێ، بەلاًم ئەم ویستنەی تۆ دوو نیشانەی هەیە: **یەکەمیان**: هەقت بەوە نەبێ، ئایا ئەم هەقە لەلایەن تۆوە یا لەلایەن یەکێکی ترەوە وەدەردەکەوێ. **دووەمیان**: دەبێ حەز بکەی ئەم باسە لە شوێنێکی چۆڵدا باسی لێوە بکرێ، نەک لە شوێنێکی قەرەباڵغدا. گوێم بدێ بامنیش لێرەدا شتێکی بە سوودت بۆ ڕۆن کەمەوە: ئەوە بزانە، پرسیار کردن لەبارەی گیروگیرفانت، دەبێ وەکو

ئەوە بێ نەخۆشیەکی دڵ نیشانی دختۆرێک بدرێ بۆ چارەسەر کردن. ئەمەش بزانە نەزانەکان ئەوانەن کەنەخۆشی دڵیان* هەیە و زانایەکانیش دختۆرن و زانای ناتەوایش (**دختۆری ناتەواو**) ناتوانێ چارەسەری هەر نەخۆشیەک بکا. هەروەها زانایەکی تەواویش ناتوانێ هەموو نەخۆشیەک چارەسەر بکا، بەڵکو ئەمانە چارەسەر دەکا کە بۆ چاک بوونەوە دەست بدەن. ئەگەر دەردەکەش گران بوو، ئەوە چارەکردنی بێ سوودە و زۆریش ماقوولە ئەگەر دختۆرەکە مەسەلەکەی تێ بگەیەنێ و پێ ی بڵێ: کاکی خۆم هیچ خۆت ماندوو مەکە. چونکە هەرچی بکا بەلاشەو لێ ی بگەڕێ باشترە.

پاشان ئەوە بزانە کە دەردی نەزانین چوار جۆری هەیە:

---

*مەبەست ئەوە نیە دڵ وەکو ئەندامێك نەخۆش بکەوێ، بەڵکو دڵی (مەعنەوی)ی مەبەستە.

جۆری یەکەم: چاری دەکرێ، بەڵام ئەوانیتر چاریان ناکرێ و ئەوانەی چاریشیان ناکرێ، یەکێکیان ئەو کەسەیە پرسیار کردن و بەرپەرچ دانەوەی لە حەسوودی و کین و بوغزەو بێ، چونکە هەرچەندە وەڵامێکی چاکیشی بدەیتەوە، ئەو کین و بوغزو حەسادەتی هەر زیاد دەکا و پتریش ڕقی هەڵدەسێ...ئەوجا وا چاکە تۆش خۆت بە وەڵامدانەوەی ئەوکەسە خەریک نەکەی...

هەر ناکۆکیەک گەر ڕوو بـــــــداتن
مرۆڤ دەتوانێ لەناوی بـــــــــبات
تەنیا حەسوودیماڵی وێران بـــــــێ
ئاگری ناخۆشی هەردەم خۆش دەکات

بۆیە پێویستە تۆش لە پیاوی حەسوود و کین و بوغز دوور کەویتەوە و لێ ی گەڕێ ی لەگەڵ نەخۆشیەکەی خۆیدا گوزەران بکا... خوای مەزنیش دەفەرموێ: (**فاعرض عمن تولى عن ذكرنا ولم يرد الا الحياة الدنيا**) واتا واز لەو کەسە بێنە کە ئێمەی لە بیر چوویتەوەو جگە لەم دونیایەدا چیتری ناوێ...پیاوی حەسوودیش هەرچی بکا، ئاگر لەبەری کردەوەکەی خۆی بەردەدا. وەکو چۆن پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ:

(**الحسد يأكل الحسنات كما تأكل النار الحطب**) واتا حەسوودی کردەوەی چاک قلّوف دەکا، وەکو چۆن ئاگر دار دەسووتێنێ.

جۆری دووەم: کە نەخۆشیەکەی لە گەوجاتیەوە بێ، ئەمەشیان چارەسەر ناکرێ. وەکو چۆن حەزرەتی عیسا (س.خ) دەفەرموێ: (**من توانیم مردوو بژیێنمەوە، بەلاّم نەمتوانی چارەی پیاوی گەوج بکەم**).

پیاوی گەوجیش ئەو کەسەیەبۆ ماوەیەک خۆی بەزانستیەوە خەریک بکاو نەختێکیش فێری زانستی شەرعی و ژیری بێ، ئەوجە بێتن خۆی لەقەرەی کەلە زانایەک بداو بەرپەرچی بداتەوە و نەشزانی ئاخر ئەم زانایە هەموو تەمەنی خۆی بۆ زانستی شەرعی و ژیری تەرخان کردەوە و سەری لەم حالّەدا سپی کردووە. جائەم گەوجە بەسەزمانەش وا دەزانی ئەم ئیشکالەی خۆی هەیەتی ئەم زانایەش هەیەتی...لەم بارەدا مادەم کابرای ئەحمەق ئەوەندە بێ هەست و خوست و ناتێگەیشتوو بوو، مانای وایە پرسیارکردنەکەی لە گەوجاتیتی...بۆیە پێویست بەوە ناکا خۆتی پێوە خەریک بکەی.

جۆری سێیەم: دەبێ ڕاو و ئامۆژگاری پیاوی گەورە وەربگیرێ. ئەگەر لە قسەی پیاوە گەورەو زاناکاندا حاڵی نەبوو، مانای وایە خۆی بێ فکرو بیرە نەک پیاوە گەورەو زاناکە. ئەگەریش پرس کردنەکەشی بۆ سوود وەرگرتن بوو بەلاّم لە وەلاّمەکە نەدەگەیشت، مانای وایە خۆی تێگەیشتوو نیە و دەبەنگەو لە ڕاستەقینە ناگا...بۆیە پێویستە پیاو ە وەلاّم دانەوەی ئەو نەوعە کەسانە خۆی خەریک نەکا...وەک پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (**نحن معاشر الأنبياء امرنا ان نكلم الناس على قدر عقولهم**)

واتا: ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران فەرمانمان پێ دراوە بەقەدەر ئەقڵی خەڵک قسەیان لەگەڵدا بکەین.

جۆری چوارەم: ئەو نەخۆشیەی پێشبتر باسی لێوە کرا چاری دەکرێ، بەمەرجێک ئەو کەسە هەمیشە ڕای گەورەی خۆی وەرگری و ژیرو تێگەیشتوو بێ...ناشبێ حەسەد و تووڕەیی و خۆشویستنی شەهوەت و پایەو ماڵ بەسەریدا زاڵ بێ...دەبێ داوای ڕێ ی ڕاست بکا. ئەگەر کابرای پرسیارت لێ دەکا و بەرپەرچت دەداتەوە لە حەسادەتەوە نەبێ و بۆ ئەوەی نەبێ لە قسەکردندا لێت بشێوێنێ و

تاقیت بکاتەوە، ئەو کاتە مانعات نیە ئەگەر خۆت لەگەڵ ئەم کابرایەداخەریک بکەیت و وەڵامی بدەیتەوە، بەڵکو پێویستە وەڵامی بدەیتەوە.

دووەم: ئەوەیە دەبێ لەکاتی دەبیە (**ئامۆژگار - واعیز**) و وەبیرهێنەرەوە (**المذكر**)، زۆر ئاگات لە خۆبێ، چونکو زۆر کارەساتی لێوە پەیدا دەبێ... کارەساتەکەش لەوەدایە کاتی قسەیەک یان نسحەتێک دەکەی و خۆت کار بەم قسەو نسحەتانەی ناکەی، بۆیە خەڵک لێت دەڕەونەوە... بیریش لەم قسە بکەرەوە کە بە عیسای کوڕی مەریەم گوتراوە: (**ئەی کوڕی مەریەم پێشتر ئامۆژگاری خۆت بکە ئەگەر زانیت بە پێ ی ئامۆژگاریەکانی خۆت کار دەکەیت، ئەنجا ئامۆژگاری خەڵکی بکە، ئەگەرنا شەرم لە پەروەردگاری خۆت بکە**).

ئەگەر تووشی ئامۆژگاری کردن بووی ئاگات لە دوو خەسیەتەکان هەبێ: یەکەمیان: لە قسەکردن عیبارەت و شیعر خوێندنەوەدا، زۆر مەینەو مەبە، چونکە زۆر ڕقی لەو کەسەیە لە کاری خۆیدا لە ئەندازە بەدەر بێ...جگە لەوەی ئەم خۆ هێنان و بردنەش نیشانەی ئەوەیە ئەم ئامۆژگارە دڵی زیندوو

نیه و بێ ئاگاشه. واتای وه بیر هێنانه‌وه‌شه (**التذكير**) ئه‌مه‌یه: به‌نده ئاگری دونیای ئه‌وبه‌ری بێته‌وه یاد که‌له ئه‌نجامی بێ باوه‌ڕیه‌وه تووشی دێ و حاڵ و باری خۆی وه‌بیربێته‌وه کاتێ فریشته‌ی مردن (**ملك الموت**) دێنه زگی و ئایا توانای ئه‌وه‌ی هه‌یه وه‌ڵامی (**نكير و منكر**) بداته‌وه؟ ئایا زه‌بر و زه‌نگی ڕۆژی قیامه‌ت ده‌یبزوێنێ؟ ئایا له پردی سیراتێ (**الصراط المستقيم**) ده‌ربازی ده‌بێ یا ده‌ونخونی ئاگر ده‌بێ. به‌م جۆره کابرای ئامۆژگار له‌م قسانه‌دا به‌رده‌وام ده‌بێ، تا به‌مانه‌وه دڵی خه‌ڵکی بێنێته هه‌ژان و نه‌یه‌ڵێ له قه‌رارێکدا بمێنێ. به‌م جۆره باسانه‌ی که زه‌بر و زه‌نگی ئه‌م ئاگره و زه‌برو زه‌نگی کاره‌سات وه‌بیر دێننه‌وه، ده‌گوترێ وه‌بیرهاتنه‌وه. سرنج ڕاکێشانی خه‌ڵکی بۆ ئه‌م شتانه و زانینیان بۆ ئه‌م عه‌یب و که‌مو کورتیانه‌ی هه‌یه‌تیان بۆ ئه‌وه‌یه ئه‌وانه‌ی له‌م کۆڕه‌دا دانیشتوونه هه‌ست به گه‌رمایی ئاگری دۆزه‌خ بکه‌ن و له‌و کاره‌ساتانه‌ی تووشیان دێ بکه‌ونه ترسان، هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌یه به پێ ی توانا ده‌رک به‌ته‌مه‌نی ڕابردوویان بکه‌ن و ئاخ بۆ ڕۆژانی

پێشووی کەلە بەگوێ کردنی خوا نەیان بردۆتە سەر هەڵکێشن.

جا قسە کردن ئەگەر لە چوار چێوەی قسەکانی پێشوو بێ و بێ خۆهەڵکێشان بێ، ئەوە پێ ی دەبێژرێ ئامۆژگاری. ئەم جۆرە ئامۆژگاریەش لەوە دەچێ تۆ دیتت وا لێشاوی ئاو ڕووی لە ماڵێکدا کردووەو خەریکە ڕاپێچی بکاو خاوەن ماڵ و منداڵ و منداڵەکانیش وا لەوێندەرن...تۆش خێرا دەڵێ ی: ووریابن ووریابن، ڕابکەن لەبەر لێشاوی ئاو...هەڵبەتە ماقووڵ نیە تۆ هەستی بە زنجیرەیەک عیبارەتی زل زل و نوکتە و ئیشارەت ئاگاداریان بکەیتەوە، چونکە ئەم جۆرە شێوازە هی پیاوی ژیر نیە. دەبێ باری (ئامۆژگار) یش بەم شێوەیە بێ کەباسمان کرد.

دووەمیان: لە ئامۆژگاریەکاندا، هەوڵی ئەوە مەدە وا لە خەڵکی کۆڕەکە بکەی های و هوو بکەن، یا شەوق و هەوەسی خۆیان دەربڕن، یا لەتاوان جلوبەرگی خۆیان بدڕن چیە بگوترێ ئەمە چاکترین کۆڕ و مەجلیسە. چونکی ئەم جۆرە ڕەفتارە گشتی ئارەزووی دونیا زێدە دەکا، ئەمەشیان لەبێ ئاگاییەوە پەیدا دەبێ،

بەڵكو پێویستە وورەو هەوڵت بۆ ئەوە بێ خەڵكی لەم دونیاوەی بۆ دونیای تر بگوێزێتەوە و لە گوناح و گوناحكاری بۆ لە گوێ گرتنی قسەكانی خواو، لە چاوچنۆكیەوە بۆ ئارەزوو لەسەر شتی دونیا لابردن و لە ڕەزیلیەوە بۆ سەخاوەت و لە گومانەوە بۆ یەقین و لەبێ ئاگاییەوە بۆ ووریایی و لەخۆبەزل زانینەوە بۆ لەخوا ترسانیان ببا..هەروەها دونیای ئەولایان لا خۆشەویست بكاو ئەم دونیایەشیان پێ بیوغزێنێ و فێری زانستی پەرستن و دڵ مراندنایان بكاو هەموو دەمێ بە كرەمی خواو بەخشندەیی دڵ خۆشیان نەكا، چونكە ئەوان هەر خۆڕسك خۆیان تێگەیشتنی شەریعەتا گێل دەكەن و كۆشش بۆ ئەو شتە دەكەن كە خوا پێ ی ناخۆشە و ڕەفتاری خراپیش پەسەند دەكەن. تۆش ترسی خوایان بخەرە ناو دڵ و بیان هەژێنەوە و ئەم ئەنجامە تاڵەیان بخەرە بەرچاو كە تووشیان دێ...ئەمەش لە پێناوی ئەمەی بەڵكو خوا دەكا دڵیان بەشێوەیەكی چاكتر دەگۆڕی و ئارەزووی خوایان دەكەوێتە كەڵكەڵەو واز لە گوناحان دێنن. ئائەمەیە ئامۆژگاری و ئاراستەكردن، هەر ئامۆژگاریەكیش بەم جۆرە نەبێ، ئۆباڵی دەكەوێتە

سەر ئەو کەسەی گوتوویەتی و ئەو کەسەی گوێ ی داوەتیٚ، بەڵکو هەندێک دەڵێن ئامۆژگاری بەوەستایی نەبیٚ مانای وایە ئامۆژگاریەکە پڕیەتی لە دێو و شەیتان کە تەنیا خەڵکی لە ڕێگا لادەدەن و بە فەتارەتیان دەدەن. پێویستیشە خەڵکی لەم جۆرە (**ئامۆژگار**)انە دوورکەونەوە، چونکە ئەم زیانەی ئەم جۆرە (**ئامۆژگار-واعیز**)انە بە ئایینی دەگەیەنن، شەیتانیش ناتوانیٚ ئەم جۆرە زیانە بە ئایین بگەیەنیٚ. ئەگەر یەکێکیش دەسەلاٚت و توانای هەبوو، دەبیٚ ئەم جۆرە ئامۆژگارانە لە دوانگە (**منبر**)کانی ئامۆژگاریدا بێنێتە خوارەوە ئامۆژگاری کردنی لیٚ قەدەغە بکریٚ، چونکە ئەو کارەی ئەم دەسەلاٚتدارە دەیکا لە دەروازەی (**الامر بالمعروف و النهی عن المنکر**)ە.

سێیەم: تێکەڵ بە ئەمیرو سوڵتانەکان نەبیٚ و نەیان بێنی، چونکە دیتنیان و دانیشتن لەگەڵیاندا کارەساتێکی زلەو پیاو گرفتار دەبیٚ...ئەگەر تووشیان هاتی نەکەی ستایشیان بکەی و بەسەریاندا هەڵبڵیٚ ی ، چونکە خوا لەو کەسە دەهری دەبیٚ کەستایشی

فاسق و بەدکاران بکا...ئەوەی نزایشیان بۆ بکا، مانای وایە حەز دەکا مرۆڤ لە خوا ئاغی بێ.
چوارەم: نەکەی بەخشیش و دیاری ئەمیرەکان قبووڵ بکەی، هەتا ئەگەر بشزانی کەوا حەڵاڵە، چونکە چاوچنۆکی کردن بۆ بەخشیش و دیاری ئەوان زیان بە ئایین دەگەنێ. واش لە پیاو دەکا ناچاربێ پشتگیریان بکاو بەستەمکاری ئەوانەوە قایل بێ و ئەمەش گشتی زیان بە ئایین دەگەیەنێ و کەمتریش زیانیش ئەوەیە ئەگەر تۆ بە بەخشینشەکانیان قایل بوویت و سوودت لە دونیای ئەواندا وەرگرت مانای وایە خۆشت ویستن، ئەگەر یەکێکیش یەکێکی تری خۆش ویست حەز دەکا تەمەنی درێژ بێ، لە خۆش ویستنی زۆرداریشدا ئارەزووی زۆرداری پەیدا دەبێ، واتا ئارەزووی تێکدانی جیهان پەیدا دەبێ، جا چ لەمەوە بۆ ئایین و دوارۆژ زیان بەخش تر دەبێ، قەت دەرفەت نەدەی شەیتان هەڵت بخەڵەتێنێ، یا بەقسەی خەڵکی هەڵبخەڵەتێ ی . چاک وایە ئەم دینارو درهەمانەی ئەم ئەمیرو سوڵتانانە دەیدەن لێیان وەرگری و بەناو هەژارو بێ دەسەڵاتاندابڵاوی بکەیتەوە، چونکە ئەوان لەرێ ی بەدکاری و گوناحدا

بلاوی دەکەنەوە و بەخشینی تۆش بەسەر لێقەوماوان چاکترە لە خەرجکردنی ئەمیرو سوڵتانان...شەیتانی نەفرەت لێ کراو ملی زۆر کەسانی بەو ڕاڕایی و وەسواسیە شکاندووە، هەروەکو لە کتێبی (**أحياء علوم الدين**) دا باسمان کردووە، تۆش وەریگرەو بیخوێنەوە.

ئەم چوارەی دەبێ جێبەجێیان بکەی:

یەکەمین: دەبێ مامەڵە کردنت لەگەڵ خوادا بەجۆرێک بێ، کە ئەگەر بەندەی تۆ ئاوا لەگەڵ تۆدا مامەڵە بکات لێ ی ڕازی دەبی و لێ ی دەهری نابی، مادەم ناتەوێ بەندەی مەجازی ی تۆ بە خەراپی لەگەڵتا بکا، تۆش لەخۆت ڕازی مەبە ئاوا لەگەڵ خوا بکەی، کە هەر خوا گەورەی تۆیە.

دووەمین: هەر ئیشێکت بۆ خەڵکی کرد، بەجۆرێک بیکە کە تۆ دەتەوێ خەڵکی بەم جۆرە ئیشت بۆ بکەن، چونکە باوەڕی بەندە هەرگیز تەواو و پوختە نابێ ئەگەر چۆن بۆ خۆی دەوێ ئاواش بۆ خەڵکی نەوێ.

سێیەمین: ئەگەر خەریکی زانیاری بووی یا موتالاَت کرد، پێویستە زانستیەکە چاری دڵت بکاو نەفست

پاگژ بکاتەوە، وەکو ئەوەی پێت بگوترێ تەمەنت لەیەک حەفتەی تر ڕەت ناکا...هەڵبەتە ئەم حەفتەیە بە زانستی (**فقة**) و ڕەوشت و (**اصول**)و(**کەلام**) و ئەوانیتر خەریک ناکەی، چونکە ئەو کاتە دەزانی ئەم زانستیانە هیچیان بۆ قیامەت بەهانای تۆ ناگەن، بۆیە خەریکی پاگژ کردنەوەی دڵ و دەروونت دەبی و چاوەدێریان دەکەیت و هەوڵ دەدەی لەو شتانە دوورکەوێتەوە کە بە دونیاوە دەتبەستن و تێدەکۆشێ زیاتر خوات خۆش بوێ و بەقەد تۆزقاڵێ بەرەو خراپی نەکەویە ڕێگا. ئەو شەو و ڕۆژەش کەبەسەر بەندە تێدەپەڕی نابێ تیایاندا دڵنیابێ بەوەی کە نامرێ.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: قسەیەکی تر هەیە لە منی ببیستە و بیریشی لێ بکەرەوە، هەتا ڕزگاری لێ بەدی بکەی: ئەگەر هەواڵی ئەوەت بۆهات سوڵتان دوای حەفتەیەک سەردانێکت دەکا، چی دەکەی؟ ئەمن سوڕ دەزانم ئەو کاتە هەر خەریکی ئەوە دەبی ئەو شتانە ڕێک بخەی کە سوڵتان چاوی پێ دەکەوێ، وەکو جلوبەرگ و بەدەن و خانوو و نوین و ئەوانیتر...ئێستاکەش بیر لەوەی گوتم بکەرەوە و،

تۆش باش تێدەگەی، ووتەیەکی ئاواش بۆ کورێکی داناى بەووره بەسه، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێ: (ان االه لا ینظر الی صورکم ولا الی اعمالکم ولکن ینظر الی قلوبکم ونیاتکم) واتا: خوا تەماشاى سەرو سیماو کردەوەى ئێوه ناکا، بەڵکو تەماشاى دڵ و نیازتان دەکا...ئەگەر ویستیشت لە زانستى بارەکانى دڵ (علم احوال القلب) بگەى سەیرى کتێبى (الاحیاء) و کتێبەکانى تر بکە...ئەو زانستیە (فرض عین)ە و ئەوانیتر (فرض کفایة)ن. بێجگە لەمەش دەبێ زانستى جێبەجێکردنى فەرزەکانیش بزانى کە ئەمیش (فرض عین)ە.

چوارەمین: زەخیرە و ماڵ و شتى دونیا بۆ ساڵیک زیاتر هەڵمەگرە، بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەر (د.خ) ژوورێکى تەرخان دەکردو فەرموویەتى: (اللهم اجعل قوت ال محمد کفافا) واتا: خوایە قووتى کەسوکارى محمد هەر هەندە بێ پێ ی بچین، نەزۆر نەکەم...وەنەبێ بۆ هەموو ژوورێکى زەخیرەى ساڵێکى دابنایە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو ژوورانەى دادەنا کە خێزانەکەى حەزى بەوە دەکرد زەخیرەى ساڵێکى هەبێ، ئەگینا دڵ چەسپ و قایم بوو قووتى ڕۆژێک یا نیو ڕۆژى بۆ دادەنا.

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار: من لەم بەشەدا کەبۆم نووسیبووی پەنا دێنمە بەرت و داوات لێ دەکەم کاری پێ بکەیت و لە نزایە چاکەکانی خۆتدا بێ بەشم نەکەی و ئەو نزایەی لە منت داواکرد بوو لە کتێبەکانی (**صحاح**)دا وەری بگرە. ئەم نزایەی خوارەوەش لە هەموو کاتێکا بە تایبەتی لەدوای نوێژەکانتا بخوێنەوە: اخوایە داوای نازو نیعمەتێکی تەواوەت لێ دەکەم و داوات لێ دەکەم هەمیشە بمپارێزی و بەتەواوەتی ڕەحمم پێ بکەیت و بەهەشتم پێ ببەخشی و لە نیعمەتەکانی خۆتدا گشتم بدەیتی و سازگارترین فەزڵی خۆتم پێ بدەو بە لوتفە بەرزەکەی خۆت لەگەڵمدا بکە، خوایە بە چاکەی خۆت لەگەڵمدا بکە، بە سزای خۆت لەگەڵمدا مەکە. خوایە هیوامان پتر بهێنە دی و، لە بەیانیەوە ژیانمان بەخۆشی بچێتە سەرو ئامانجمان بخە ژێر باری میهرەبانی خۆت و بارانی لێ خۆشبوونی خۆت بەسەرمان ببارێنە و وامان لێ بکە بتوانین چارەی عەیبەکانی خۆمان بکەین و بە خواناسی بمان ژێنە و ئەو زانیاریەمان بدەرێ کە بتوانین (**اجتهاد**) لە ئایینی تۆدا بکەیین...خوایە پشتمان بە تۆوە قایمەو متمانەش هەر بە تۆ دەکەین...خوایە لە شەقامە ڕێ ی ئیسلامدا بەرەو ئامانجمان ببە...لەو شتانەشمان

دوور بخه کەلە ڕۆژی قیامەتەوە پێیانەوە گرفتار دەبین...ئەرکی سەرشانمان سووک بکە و بە پیاو چاکی بمان ژێنەو لە خراپی خەراپەکاران دوورمان بخە...ئێمەو دایک و باوک و برا وخوشکانمان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزە...بە بەخشندەیی خۆت لەگەڵماندا بکە...ئەی ئازیز...ئەی ئەوەی لە گوناحان خۆش دەبێ...ئەی ئەوەی بەکەرەمی خۆی لە گەڵماندا دەکا...ئەی ئەوەی عەیبمان دادەپۆشی...ئەی ئەوەی ئاگای لە هەموو شتێکە...ئەی ئەوەی کە بە دەسەلاتی...خوایە...خوایە...خوایە...بەڕەحمەتی خۆت لەگەڵماندا بکە...ئەی ئەوەی کە هەر خۆی سەرەتایەو جلە وگیری دیماهیە...ئەوەی پڕ هێزو توانایە و ڕەحم بە هەژاران دەکا و لە هەموو کەسێک بە ڕەحم ترە...هیچ خوایەک نیە جگە لە تۆ..چەند پاک و بێ خەوشی...خوایە من گوناهبارم...هەزارەها سلاویش لە گەورەمان محمد (د.خ) و لە هەموو خزم و یارو یاوەرانی بێ...سوپاسیش بۆ خواو پەروەردگاری هەموو دونیا).

****

****